# کانتو سیاسەت

دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: سامان عەلی حامید



*هەوڵدەدەین لەم باسەدا هەڵوێستی فەیلەسوفی مەزنی ئەڵمان: ئیمانوێل کانت(١٧٢٤. ١٨٠٤) سەبارەت بەسیاسەت*

*پێشچاوبخەین. کانت یەکێك بوو لەو کەسانەی کە سەراسیمەی فریدریشی گەورە(١٧١٢ . ١٧٨٦)ی پادشای پروسیابوو و ئەم دوو کتێبەشی پێشکەش بەو کردبوو: مێژووی گشتی سروشتو تیۆریای ئاسمان(ساڵی ١٧٥٥)و، بەرایی پەیامی: وێنەو پرەنسیپەکانی جیهانی بەرهەستو جیهانی ماقوڵ(ساڵی ١٧٧٠). لەنێو دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی خۆیو لەکتێبەکانیشیداو لەچەند شوێنێکدا، تەنها باسی فریدریشی گەورەی کردوە. لەم کتێبەشیدا: رەخنەی بەهرەی دادوەری هەڵبەستێکی فەرەنسی کە لەدانانی فریدریشی گەورەیە، دەکاتە ئەڵمانی. وەك هیسە* Hasse *ش دەڵێت: زۆرجار لەکاتی داوەتکردنی خەڵکیدا بۆ سەر خوانی خۆی، بەسەرهاتو چیرۆکگەلێکی دەربارەی فریدریش بۆ میوانەکانی دەگێڕایەوەو سەرسامبوونی خۆی بەرۆحی ناوبراو دەردەبڕی.*

رەنگە گرنگترین لایەن لە**فریدریشی ئیمپراتۆر**دا، کە **کانت** پێی سەرسامبووبێت، سەرفرازییە فکرییەکەی بووبێت. چونکە لەکاروبارەکانی ئاییندا کەسێکی بەخشندە بووە لەحوکمو بریارە پێشوەختەکانیش ئازادبووەو لەو بارەیەوە خاوەنی ئەم دوو گوتە بەناوبانگەیە: "لەم وڵاتەدا هەموو کەسێك لەرێگای تایبەت بەخۆیەوە دەچێتە بەهەشت"و" ئایینەکان هەموو وەك یەکن".

**فریدریش** بەشدارێکی ئەدەبو هونەرەکان بوو، هەڵبەستی بەزمانی **فەرەنسی** دەنووسی(چونکە پێیوابوو زمانی فەرەنسی تاکە زمانی نوێی شارستانییە)و، ئازادیخوازترین بیرمەندو ئەدیبانی سەردەمەکەی خۆی لێ نزیك دەکردەوە، ئەوەبوو **ڤۆلتێری** بانگهێشتی ئەم کۆشکەی خۆی لە**پۆتسدام** لەنزیك **بەرلین** کرد: کۆشکی **سان سوسی**، نامەگۆڕینەوەی بەردەوام لەنێوانیاندا هەبوو، هەروەها **دیدرۆ**و **دالامپێری** دامەزرێنەرانی **ئینسایکلۆپیدیای فەرەنسیش** نامەیان لەگەڵدا دەگۆڕییەوە.

بەڵام سەرسامبوونی **کانت** بە**فریدریشی گەورە** هانی ئەوەی نەدا، کە بایەخ بەسیاسەت بدات. هیچ بەڵگەنامەیەکیش لەبەردەستدانییە، کە بەڵگەبێت بۆئەوەی **کانت** لەماوەی پێش ساڵانی هەشتاکاندا لەکاروباری سیاسی گشتیدا کاری کردوە. ئەگەرچی (**ف.شوبیرت**)(١) بڕوای وایە زۆرجار **کانت** ئامۆژگاری قوتابییەکانی خۆی کردوە کە کتێبەکانی بیریاری سیاسی **فەرەنسی**: **مۆنتیسکیۆ**(١٦٨٩. ١٧٥٥)بخوێننەوە، هەروەها زۆرجار بابەتگەلێکی نێو کتێبەکانی ناوبراوی شیدەکردەوە. هاوکات هەندێك لەو لاپەڕانەی کە **کانت** لەدوای خۆی بەجێی هێشتوونو، لایەنی زۆر پێدەچێت لەساڵی١٧٥٩، یاخود(١٧٦٠)دا نوسیبێتی، بەرێزەوە باس لە**مۆنتیسکیۆ** دەکات﴿ بروانە(کۆی بەرهەمەکانی **کانت**) بەرگی ١٥ ل ٥٨٦﴾.

لەبەرنامەی لێکچەرەکانی **کانت** بۆ ساڵی(١٧٦٥ / ١٧٦٦)یشدا باس لەوە دەکرێت، کە هۆکارە ناکاوەکانی لەنموونەی ئەمانە کار لەدەوران‌و قۆناغەکانی دەوڵەتو میللەتان ناکات: "ئاڵوگۆڕی پادشاو دەسەڵاتداران، یاخود پەلامارو داگیرکارییەکان، یاخود پلەوپایەکانی دەسەڵات، بەڵکو دەبێت بەتایبەتی بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو هۆیانەی، کە چەسپاوترو کاریگەرییەکی ماوە درێژتریان هەیە، لەنموونەی هەڵوێستو بەرهەمو ئاکاری دەوڵەتو ئەو پیشەسازیو بازرگانیو دانیشتوانەی کە لەو وڵاتەدا هەن". دیارە ئەم روانگەیەی **کانت**، بەتایبەتی بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، روانگەیەکی ئێجگار سەردەمگەرانەیە.

هەروەها (**جان جاك رۆسۆ**)ش کاریگەریی گەورەی خۆی هەبووە لەسەر **کانت**، ئەمە نەك هەر لەمەیدانی رۆشنگەرییدا بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو لەئاقارە سیاسییەکەشیدا. وەك دەزانین **کانت** هەرچی کتێبێکی **رۆسۆی** بەردەست بکەوتایە دەیخوێندەوە، وێنەی **رۆسۆ** تاکە وێنەبوو کە دیواری کتێبخانەکەی ماڵەوەیانی دەڕازاندەوە. کاتێکیش کە لەساڵی١٧٦٢دا کتێبی **ئیمیل***Emile*ی **رۆسۆ** دەرچوو، پەرۆشیی **کانت** بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە گەیشتە رادەیەك کە بۆ ماوەی چەند **رۆژێك** چوونە دەرەوەی بۆ پیاسەی رۆژانە، کە بۆخۆیی کردبوویە بەرنامەیەك، وازلێهێناو نەدەچووە دەرەوە.

لەتیراژێکی لەم کتێبەشیدا: رامانگەلێك دەربارەی هەستکردن بەجوانیو بڵندیی(ساڵی١٧٦٤)دا ئەم دەستەواژەیەی نووسیوە: "لەسەر خوێندنەوەی **رۆسۆ** بەردەوام دەبم، تا پێش ئەوەی جوانیی دەربڕینەکانی بێزارم بکەن، ئیدی لەدواییدا دەتوانم بەهۆی ئەقڵمەوە تێیبگەم"، هەروەها سەرسامبوونی خۆی بەهەست ناسکییو بڵندبوونی بلیمەتییە دەگمەنو دەروونە پڕ لەهەستو سۆزەکەی **رۆسۆ**

دەربڕیوە، چونکە شێوازی جوانو سەرنجراکێشی **ڕۆسۆ**، بەجۆرێك هەستی (**کانت**)ی دەبزواند، کە بەسەر زەین ڕۆشنییو بیرپاراویدا زاڵدەبوو. (**کانت**)یش کە خاوەنی زەینێکی پاراو و ئەقڵێکی شێنەییو لەسەرخۆبوو، بەنیازی ئەوەی کە تەنها ئایدیاکانی هەڵبهێنجێت، دەیویست ئەفسونی دەستەواژەکانی **ڕۆسۆ** لەکۆڵبکاتەوەو نەیهێڵێت، هەروەها هەردووکیان لەپێڕەودا جیاوازبوون، یان وەك **کانت** خۆی دەڵێت: "**ڕۆسۆ** پێڕەوێکی پێکهاتەیی دەگرێتەپێشو لەخەڵکانی سروشتگەراوە هەنگاوهەڵدەگرێت، بەڵام من پێڕەوێکی شیکاریی وەبەردەگرمو لەخەڵکانی پەروەردەکراوەوە هەنگاوهەڵدەگرم"، هەروەها نەشیویستووە کە لەگەڵ **ڕۆسۆ**دا بگەڕێتەوە بۆ نێو بەختەوەریی دارستانەکانو سروشتی یەکەم، بەڵکو ویستویەتی ئەمەی چاوپێبکەوێت: "ئەوەی کە مرۆڤ لەکیسی چووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە بابەتگەلێکی تری دەستگیربووە".

بەڵام سەیر لەوەدایە کە (**هێردەر**) سەبارەت بەلێکچەرەکانی ساڵی١٧٦٢ / ١٧٦٣ی **کانت** . ئەو لێکچەرانەی کە خودی **هێردەر** خۆی ئامادەیان بووە . دەڵێت: **کانت**، لەنێو کتێبو دانراوەکانی **ڕۆسۆ**دا، باسی ئەم دوو کتێبەی کردوە: **ئیمیل**و **هلویزای نوێ**، بەڵام ناوی **پەیمانی کۆمەڵایەتی** نەبردوە. بەڵام ڕەنگە هۆکاری ئەمە بگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە **کانت** لەو کاتەدا بایەخو گرنگی بەسیاسەت نەداوە، کاریگەریی سیاسیی **ڕۆسۆ** لەسەر **کانت** دواتر لەساڵانی هەشتاکانو نەوەدەکاندا دەردەکەوێت.

هەتا **جەنگی حەوت ساڵە**(١٧٦٣.١٧٥٦)ش، لەنێو ژیانو بایەخدانو دانراوەکانی **کانت**دا، هیچ ئاسەوارێکیمان بەرچاوناکەوێت، ئەگەرچی **پروسیای** نیشتیمانی **کانت** پاڵەوانو سەرکەوتوی ئەم جەنگەش بوو، کە هەریەکە لە**نەمساو فەرەنساو پروسیاو ئینگلتەراو سوید** بەشدارییان تیاداکردو بەسەرکەوتنی یەکجارەکی **پروسیا** لەژێر بەیداخی **شا فریدریکدا** دوایی هات.

بەڵام وێڕای ئەوە سەرنجگەلێك لەپەراوێزی تیراژێکی کتێبی **رامانگەلێك**..(ساڵی١٧٦٤)دا دەبینین کە تیایدا **کانت** پەرۆشیی خۆی بۆ ئازادی دەردەبڕێتو پرۆتیستۆی هەموو شێوەکانی کۆیلەییێتی دەکات، **کانت** لەیەکێك لەو سەرنجانەیدا دەڵێت: "بۆ کەسێك کە فێری ئازادی بووبێت، هیچ شتێك لەوە زیاتر، مایەی نەهامەتی نییە، کە خۆی بەمجۆرە ببینێت: دراوەتە دەست کەسێك کە ناچاری دەکات مل بۆ خواستی تایبەتی ئەو بداتو بەوجۆرە کە ئەو کەسە دەیەوێت هەڵسوکەوتو ڕەفتاربکات".

هەروەها دەڵێت: "لەبەرئەوە هیچ ترسێك لەو ترسە سروشتیتر نییە، کە مرۆڤ بەرامبەر بەکۆیلەییێتی هەستی پێدەکات. منداڵ دەگرێو بێزاردەبێت، ئەگەر ناچاربکرێت ئەو کارە بکات، کە کەسانی تر دەیانەوێت بیکات، بێئەوەی مرۆڤ گوێ بەوەبدات، کە لای خۆیی خۆشەویست بکات".

"ئایا مرۆڤ پێویستی بەهەناسەیەك نییەو دەبێت ناچار بکرێت کە خاوەنی ویستی تایبەت بەخۆی نەبێت؟. ئەمە کارێکی ناپەسەندو دۆخێکی ئاوەژوە. مادام مرۆڤ ملکەچە، هەموو مرۆڤێك لەنێو یاساو دەستوری ئێمەدا، ئیدی لەهەر پلەیەکی بەرزیشدابێت، مرۆڤێکی سوکایەتی پێکراوە".

"چیدی مرۆڤی ملکەچ بۆ یەکێکی تر، مرۆڤ نییە: ئەو


ڤۆلتێر

پلەوپایەیەی لەدەستداوەو لەپاشکۆیەکی ئەو یەکێکی ترەو زیاتر نییە".

**کانت** بڕوای وابوو کە ئازادی بەنرخترین بەهایە بۆ مرۆڤ، لەبەرئەوە کاتێك کە **ئەمەریکا** جەنگی ئازادی دژ بەژێردەستەیی **ئینگلیز** لەماوەی نێوان ساڵی١٧٧٦و ساڵی١٧٨٣دا دەستپێکرد . **کانت** لایەنگرێکی ئێجگار پەرۆشی ئەمەریکای باکور بوو. لەو بارەیەوە نوسیویەو دەڵێت: "ژێردەستەکردنی **ئەمەریکا** لەلایەن **ئینگلتەراوە**، سەبارەت بەبیرکردنەوەی گەردونییی **ئینگلتەرا**، پاشەکشێیەکە لەمێژووی ئەمێستای **ئینگلتەرادا**. ئەوان دەیانەوێت **ئەمەریکاییەکان** ببنە رەعیەتی رەعیەتو ستەمەکە بخەنە سەر خەڵکانی تر"﴿بەرهەمەکانی **کانت**)بەرگی١٥، ژمارە١٤٤٤﴾.

**کانت** نمونەی باڵای دەوڵەتی بەمجۆرە بینیوە: "هەقیقەتی هەر حکومەتێك لەوەدایە، کە هەموو مرۆڤێك گرنگی بەبەختەوەریی خۆی بدات، هەموو مرۆڤێك ئازادی ئەوەی هەبێت، کە بۆ ئەم مەبەستە کار لەگەڵ خەڵکانی تردا بکات. کاری حکومەتیش تەنها ئەوەیە، کە بەگوێرەی دادپەروەریی و بێ لایەنگیریکردنی ئەمو ئەو، پێکەوەگونجانو تەباییان لەنێودا دروستبکات".

"راستە دەوڵەت، بەمەبەستی پاراستنی دەوڵەت، پێویستیی بەکەسێکە وێنای هەموو بکات، بەڵام پێویستە ئەم(سەرکردانە) لەلایەن ئەو ئەندامانەوە کە ئەوانە دەبنە فەرمانڕەوایان هەڵبژێررێن" ﴿بەرهەمەکانی **کانت**) بەرگی١٥، ژمارە١٤٤٧﴾.

"هەرچی زوڵمو ستەمە *Despotismus* لەبارىدایە هەموو هەڵبژاردنێکی ئازادانەو هەموو حوکمێکی سەربەخۆ لەخەڵکەکە زەوتبکات"(ژمارە١٤٤٩).

هەر لێرەوە ستایشی دیموکراسییەت دەکات بەو پێیەی چاکترین سیستەمی فەرمانڕەواییکردنە(ژمارە ١٤٤٦).

هەر لەم ماوەیەدا، واتە ساڵانی شەستەکان، حوکمگەلێکی توندی دژ بەفەرمانڕەواو میرەکان نوسی، لەیەکێك لەو حوکمانەیدا دەڵێت: " ئەوانەن کە هیچ شتێك لەبارەی مافو یاساوە نازانن و تەنانەت لەمپەرن لەڕێگایداو ئەوپەڕی ئەو کارەی کە دەیکەن، قسەکردنە دەربارەی چاکە *Gutigkeit*"، هەروەها هێرش دەکاتە سەر **یۆلیۆس قەیسەرو** بەمجۆرە باسو وەسفی دەکات: "میرێك بوو خاوەنی بیرکردنەوەیەکی خراپ بوو چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە هەیبوو، نەیدایە دەست گروپێکی زرنگی رێکوپێکی گشتییەوە"(ژمارە ١٤٣٦).

**کانت** لەخەمی ئەوەدابوو، کە هێشتا مرۆڤایەتی بۆ چاکسازیی راستەقینە کامڵ نەبووەو پێنەگەییوە، چونکە لەراستیدا دەوڵەت کار بۆ بەرژەوەندی ئەو دەکات، نەك بۆ بەرژەوەندی هەموو جیهان(ژمارە ١٤٦٥). "هەرچی سەبارەت بەیاسای نێودەوڵەتییە، هێشتا ئێمە بەربەریی و کێویین..هێشتا خاوەنی سیستەمێك نین بۆ یەکخستنی ئایینەکانو بەتایبەتی خاوەنی سیستەمێکی پەروەردە نین"(ژمارە ١٤٥٣). لەکاغەزی(ژمارە ١٤١٦)یشدا هەمان مانا دوپاتدەکاتەوەو دەڵێت: "تائێستایش لەنێو دەوڵەتاندا، جۆرێك لەبەربەرییەت هەیە، چونکە هەرچی پەیوەندی بەهاوسێکانییەوە هەیە، مل بۆ هیچ یاسایەك نادات. هونەری پەروەردەو واتاکانی ئاکارو ئایینیش، هەموو ئەمانە هێشتا لەقۆناغی منداڵیدان. دەسەڵاتدارێك نابینی کە بیەوێت، کار لەپێناو چاکەی رەگەزی مرۆڤایەتیو تەنانەت چاکەی میللەتیشدا بکات، بەڵکو تەنها کار بۆ شوێنو پلەوپایەی دەوڵەت دەکات، بەڵام ئەم کارەش تەنها بەروواڵەت دەکات".

**کانت** دەیەوێت دەسەڵاتدارو فەرمانڕەواکان لە**قوتابخانەی فەیلەسوفاندا** فێربن، دەڵێت: "پێویستە دانایی لەپۆلەکانی خوێندنو قوتابخانەوە بگاتە کۆشك"(ژمارە ١٤٣٦).

کاتێکیش کە **شۆڕشی فەرەنسا** بەرپابوو، پەیامی ئازادیی و برایەتیی و بەرابەریی، کە دەروونو رۆحی **کانتیان** پڕ لێوانلێو بووبوو، لەتەك خۆیدا هێنا، لەبەرئەوە کارێکی سادەو سروشتی بوو، کە پێشوازییەکی ئێجگار گەرمیشی لێبکات. ئیدی دەستیکردە سۆراخی هەواڵو دەنگوباسەکانی، یان لەڕێگای ناسیاوە خاوەن پلەوپایەکانی لەنموونەی **ژەنەراڵ فۆن لۆسۆڤ** *General Von Lossow*ەوە کە لەبەرواری ١٧٩٠/١/١٨دا رەوانەی ئەوێندەر کرابوو، هەروەها لەڕێگای **کۆنت کیزرلینجو** لەکۆشکی **وەزیر (فۆن برا کین)**یشەوە دەستی بەهەندێك لەزانیاری رادەگەیشت. ئیدی تامەزرۆیی **کانت** بۆخوێندنەوەی ئەو رۆژنامانەی کە نوێ بوونو تازە دەردەچوون، بەجۆرێك لەجاران زیاتربوو، ئەوەبوو بەرەو پیری عارەبانەی پۆست کە بەرۆژنامە بارکرابوو دەچوو، وەك

**جاچمان** *Jachmann*ی قوتابیشی دەڵێت: هیچ شتێك هێندەی ئەو هەواڵە تازەو دروستەی کە کەسێك بۆی دەهێنا، کامەرانی نەدەکرد. شانبەشانی رۆژنامە ناوخۆییەکان ئەو رۆژنامەیەش کە **هارتۆنگ** دەریدەکردو رۆژنامەیەکی دیکەش کە لە(**هامبۆرگ**) دەردەچوو، دەخوێندەوە. تەنانەت لەساڵی ١٧٩٨دا کە هێشتا تامەزرۆی دەنگوباسی نوێ بوو (**نیکۆلۆڤیس** *Nicolovius*)ی راسپارد تا ئەزمونگەلی چاپی **رۆژنامەی (بەرلین)**ی بۆ بنێرێت، کە پێش گەیشتنی ژمارەی چاپکراو بۆ شاری **کۆنیگسبێرگ** بەدەستی دەگەیشت. هەر لەو بارەیەشەوە دەیگوت: "بەلای منەوە هیچ مێژوویەك هێندەی، خوێندنەوەی رۆژنامە رۆژنامەییەکان سودبەخش نییە. چونکە دەتوانم لەدوتوێیاندا چۆنێتی روودان و بڵاوبوونەوەو گەشەسەندن و پەرەسەندنی هەر رووداوێك ببینم"(ئەمە لەپەیامێکی **کانت** بۆ **یاچمن**و **ئابیج** *Abegg* لەبەرواری ١٧٩٨/٦/١٢دا هاتووە). لەرێگای سەرچاوە تایبەتییەکانی خۆیشییەوە، هەوڵیدەدا هەواڵە گرنگەکانی لەنمونەی **هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بۆ سەر ئیتاڵیا**، بەچەند هەفتەیەك پێش ئەوەی رۆژنامەکان بڵاویبکەنەوە، دەستگیربێت.

لەو دەنگوباسانەشی دەپشکنی و دەکۆڵییەوە کە رۆژنامەکان بڵاویاندەکردەوە، یاخود کە لەرێگای پەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەوە دەیبیستن و بەر گوێی دەکەوتن، ئیدی لەو هەواڵانە بەگومان دەبوو کە کات و شوێنیان دیاری نەکرابوو و، لەهەقیقەتی کەسەکان و ماقوڵییەتی رووداوەکانیشی دەکۆڵییەوە، تەنانەت هەندێکجار گفتوگۆی لەبارەی پرۆسە سەربازییەکانیشەوە دەکرد. لەم کارانەشدا خاوەنی بیرێکی هێندە تیژ بوو، زۆرجار توانای پێشبینیکردنی ئەنجامی رووداوەکانی پێدەبەخشی، ئەو ئەنجامانەی(کە رەنگە کەسایەتییە بەشداربووەکانی نێو کارەکە بیریان لێ نەکردبێتەوە)(**یاچمن**، ل ١٢٩) .

بۆنموونە یەکێك لەروانگە دروستەکانیشی ئەمە بوو: دەرکی بەوە کردبوو کە **ئینگلتەرا** دەبێتە لەمپەری سەر رێگای ئەو تەقەللایانەی **میللەتی فەرەنساو** تێکرای **میللەتانی دەوڵەتانی ئەوروپا**، لەپێناوی ئازادیدا دەیدەن، ئەمە ئەگەرچی یەکێك بوو لەوانەی کە سەراسیمەی ئەم شاعیرانە: (**پۆپ، میلتۆن**)، **بیتلەر**و ئەم چیرۆکنوسانە: (**فیلدنگ، سۆیفت**)و ئەم فەیلەسوفانە: (**لوك، هیۆم، شافتسبری، هچسۆن**) کە سەرجەم خەڵکی **ئینگلتەرا** بوون ، هەروەها سەرسامی **دەستوری ئینگلیزی** بوو، بەڵام بەهۆی بیرتیژیەکەیەوە پەی بەوە بردبوو، ئەو سیاسەتە دەرەکییەی کە **ویلیام پیت** *Pitt* نوێنەرایەتی دەکات: " کار بۆ هاندانی ئازادی و بیرو هزر ناکات، بەڵکو لەپێناو زاڵکردنی کۆیلەییەتی و بەربەرییەت لەوڵاتانی تردا، کاردەکات".




لەبەرئەوە **کانت** هێرشێکی توندی کردوەتە سەر **کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی**.

سەرەتاو پێش هەرشتێك لەبارەی (**کۆڵۆنیالیزم**)ەوە بەشێوەیەکی گشتی گوتویەتی: **کۆڵۆنیالیزم** دزیین و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی دەوڵەتە بندەستەکان و بەهیچ تەماشاکردنی دانیشتوانی ئەم دەوڵەتانەیە.

پاشان سەبارەت بە**کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی** لە**هیندی خۆرهەڵات** راشکاوانە دەنوسێت و دەڵێت: "بەبیانوی بازرگانیکردنەوە لەشکرگەلێکی شەڕکەریان بردە **هیندی خۆرهەڵات**، بەهۆیەوە زاڵبوون بەسەر دانیشتوانە رەسەنەکەیداو شەڕو ئاشوبیان لەنێوان دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتانەدا بەرپاکرد، برسێتی و پشێوی و نائارامی و ناپاکی و ئەو نەهامەتی و داماویانە، کە رەگەزی مرۆیی ماندو دەکەن و پرزەی دەبڕن، پەخش و بڵاوکردەوە"﴿(**دەربارەی ئاشتیی هەمیشەیی**) ساڵی ١٧٩٥﴾.

لەنێو کاغەزێك لەکاغەزە بەجێماوەکانیشیدا کە لەساڵی ١٧٩٧ / ١٧٩٨دا نوسیویەتی، ئەم حوکمەی لەبارەی **ئینگلتەرا**وە داوە کە تیایدا دەڵێت: "نەتەوەی **ئینگلیز** وەك میللەتێك، سەبارەت بەپەیوەندی نێوان رۆڵەکانی لەناو خۆیاندا، کۆمەڵێکن لەخەڵکی کە شایستەو شایانی هەموو

ڕێـزێکن، بـەڵام وەك دەوڵـەتێك بـەراورد بەدەوڵـەتانی دیکـە گەندەڵترینو چاوچنۆکترین دەوڵەتی جیهانە لەبارەی زاڵبوون بەسەر دەوڵەتانی تردا، لەهەمووشیان زیاتر ئاگری شەڕی نێوانیان خۆشدەکاتو هانی دەدات" ‹‹**(کۆی بەرهەمەکانی)** بەرگی ١٥، ژمارە ١٣٦٦››.

* * *

**کانت** بەبایەخێکی زۆرەوە بەدوای هەواڵو دەنگوباسی **هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بۆ سەر میسر** لەبەرواری ٣٠ی یۆنیۆ/ حوزەیرانی ١٧٩٨دا چوو.

لەسەرەتادا پێیوابوو کە ئەم هەڵمەتە دژ بە**پورتوگالە**، (بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە **ئینگلتەرا** لە**پورتوگالدا** هەیەتی)، هەروەها بڕوایشی وابوو کە: "**پورتوگال** تەنها ویلایەتێکی **ئینگلیزیە**، هەر کەسێك داگیری بکات، گەورەترین گورز ئاراستەی **ئینگلتەرا** دەکات"(**فازینسکی**، ل ٢٦).

لەوتارێکیشیدا کە لەنێو پاشماوە بەجێماوەکانیدا دۆزراوەتەوەو ئەم ناونیشانەی هەڵگرتوە "بەهانەی حکومەتی کارگێڕیی بۆ **کۆماری فەرەنسا** سەبارەت بەپڕۆژە گەوجانەکەی، پڕۆژەی کۆتایی هێنانە بەشەڕ لەگەڵ **ئینگلتەرا** لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا"(**چاپی ئەکادیمیای بەرهەمەکانی کانت**، بەرگی ١٢، ل ٤٠٧ و دواتری) - لەم وتارەیدا پێیوایە مەبەست لە **هەڵمەتی سەربازیی فەرەنسا** بۆ سەر **میسر** تەنها بۆ چەواشەکردن بوو، تاوەکو بتوانرێت مۆڵەتی هێرشی وشکانیو، هەروەها گواستنەوەی دەریایی هێزەکانی **فەرەنسا** بەرەو **پورتوگال** لە**ئیسپانیا** وەربگیرێت.

پێشبینی ئەوەیشی کرد، کە **هەڵمەتی ناپلیۆن** بۆ سەر **میسر** ماوەیەکی زۆر ناخایەنێت.

ئەم پێشبینییەی دواییان هاتەدی، هەروەها پێشبینی ئەوەیش کە **فەرەنسا** لەخەمی داگیرکردنی **پورتوگالدایە**، تا بەم داگیرکردنە گورزێکی کوشندە ئاراستەی **ئینگلتەرا** بکات، هەر راست دەرچوو، چونکە ئەوەبوو **ناپلیۆن پورتوگالی** داگیرکرد. لەگفتوگۆیەکیشیدا لەگەڵ **ئابیج** *Abegg* لەبەرواری ١٢ی یۆنیۆ/ حوزەیران، یاخود یۆلیۆ/ تەمموزی ساڵی ١٧٩٨دا **کانت** پێشبینی ئەوەیکرد کە **ناپلیۆن** هێزەکانی خۆی لە**قەرتاجنە** لە**ئیسپانیا** دادەبەزێنێتو، **پورتوگال** داگیردەکاتو لەپاییزی ساڵی ١٧٩٨ ئاشتیی دەسەپێنێت.

بەڵام ئەم پێشبینییە تەنها لەکاتێکی درەنگ وەختو لەدوای دە ساڵ هاتەدی، چونکە **ناپلیۆن** تەنها لەساڵی١٨٠٨دا **ئیسپانیا**و لەساڵی ١٨٠٩دا **پورتوگالی** داگیرکرد، بەشێوەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەو نەخشەیەش کە **کانت** دایڕنابوو!

هەروەها **کانت** لەنێو خەون، یاخود وەهمەکانیدا!. لەنێو خەونو وەهمە سیاسییەکانیدا، بەئاواتی ئەوەوەبوو، کە **ئینگلتەرا** لەدوای شکستهێنانی ببێتە **کۆماریی**و، **پادشاکەیشی** ببێتە **میرێکی** سادەو ساکاری **میرەکانی شانشینی هانۆڤەر**! "ئیدی لەوێڕا سەرلەنوێ **ئینگلتەرا** دەژێتەوە، بێئەوەی هیچ کەسێك کۆیلە بکات".

ئەوێ ڕۆژێ **کانت** بەهۆی ئەم واژەگەلە بەهێزو بەناوبانگانەوە، گوزارشتی لەبۆچوونی گشتیی خۆی سەبارەت بە**ئینگلتەرا** کردبوو:

"**ئینگلیزەکان** لەگەڵهەردا بێنرخترین نەتەوەی جیهانن. لەروانگەی ئەواندا هەموو جیهان **ئینگلتەرایەو**، تێکڕای دەوڵەتانو خەڵکی تەنها پاشکۆو رەعیەتو کەلوپەلی ئەوانن.. ئەمانە هەموو وادەکەن **ئینگلیزەکان** شایانی ئەوەبن، تف لەچارەیان بکرێت. هیوادارم لوتیان بشکێنرێت".

لەبەرامبەر ئەوەیشدا، **کانت** داوای ئەوەی دەکرد کە هاوپەیمانێتییەك لەنێوان **پروسیاو کۆماری فەرەنسادا** دروست بکرێت، وەك ئاشکرایە ئەم دوو دەوڵەتە لەوەتەی ساڵی (١٧٩٥)ەوە لەئاشتییو تەباییدا دەژیان. لەوتەیەکیشیدا بۆ ئەو میوانانەی کە لەبەرواری ١٢ی یۆنیۆ/ حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٨دا بانگهێشتی سەر خوانی خۆیی کردبوون دەڵێت: "ئەگەر پادشاکەمان گەڕایەوە بۆ **بەرلین**(ئەوەبوو بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ هەندێك بۆنەو ئاهەنگ چاوەڕوانی هاتنی **شا فریدریش ڤیلهلمی سێیەم** دەکرا بۆ **کۆنیگسبێرگ**)، بەوە قایلبوو کە **سییێس** *Sieyes*

خستوویەتیە روو(**سییێس باڵوێزی فەرەنسا بووە لەکۆشکی پادشای پروسیا**)و بڕیارێکی بەجێی گرتەبەر، رەنگە هیچ شەڕێك لەنێوان **پروسیاو فەرەنسا**دا روونەدات! چونکە پێویستە روسیا کزبکرێت، خاوەنی هیچ پارەوپولێکیش نییە، کارێکی هەروا ئاسانیش نییە کە بتوانێت دەست لەسیاسەتی دەرەوە وەربدات، بێئەوەی ئەم کارە بەبێ بەرپابوونی بارگرژیی ناوخۆیی بەسەریدا تێپەڕێت".

**کانت** لە**ئینگلتەرا**دا بەرجەستەبوونێکی ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی دەبینی، کە دژایەتی ئازادی دەکەن‌و زوڵم و ستەم بڵاودەکەنەوە لەپێناو کۆیلەکردنی تێکڕای دەوڵەتاندا کاردەکەن. لەئاکاری **مرۆڤی ئینگلیزیی**شدا ئاکارێکی کەم مرۆڤدۆست‌و ئێجگار خۆپەرست‌و دڕندەو




شەڕانگێز، کە رۆحی بازرگانی زاڵبووە بەسەریدا، دەبینی.﴿ تەماشای ئەم کتێبەی **کانت** بکە: **زانستی مرۆڤ** *Anthropologie* ، ل ٣١٤ . ٣١٥﴾ دەربارەی (**ویلیەم پیت**)**ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی حکومەتی بەریتانیاشی** گوتوە: رەگەزی مرۆڤایەتی **پیت** بەدوژمنی خۆی دەزانێت، بەڵام لەدواییدا وەك خەڵکانێك کە شایستەی ئەوەن تاهەتایە، ناوەکانیان لەپەرستگای سەروەرییدا بپارێزرێت، تەماشای **سەرانی شۆڕشی فەرەنسا** دەکات.﴿ تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە: **فەلسەفەی یاسا**: **رامان**، کە دەستنووسێکەو **کانت** لەپاش مردن لەدوای خۆی بەجێی هێشتوە، لێکۆڵینەوەی ژمارە ٨٠٧٧ ل ٦٣٠ و دواتری﴾.

**کانت** تەنها بەم گوتە گشتیانە بەسی نەکردووە بەڵکو زۆر بەوردییش **یاساو دەستوری ئینگلیزیی** پشکنیوەو لێیکۆڵیوەتەوە، سەرەنجام ئەو کۆتوپێوەندە توندانەی سەر ئازادی‌و ستەمی دەسەڵاتی پادشا، کە لەم یاسا بەناو **نموونەی یاسا ئازادە**دا هەیە رایگەیاندوە. **کانت** دەڵێت: "دەڵێن گوایە **دەستوری بەریتانیا**، دەستورێکە بەهۆی هەردوو ئەنجومەنەکەی پارلەمانەوە، بەوپێیەی کە نوێنەرانی میللەت لەخۆدەگرن ویست‌و ئیرادەی پادشا سنوردار دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەمووان زۆرچاك ئەوە دەزانن، کە کاریگەریی پادشا لەسەر ئەو نوێنەرانە کاریگەرییەکی ئەوەندە گەورەو یەکلاییکەرەوەیە، دوو ئەنجومەنەکە تەنها بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە پادشا دەیەوێت‌و لەسەر زاری وەزیرەکەی پێشنیاری دەکات...گوتەیەکی درۆ، میللەت بەسەرابی پادشایەتییەکی دەسەڵات کۆتکراو و، بەهۆی ئەو یاسایەی کە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە لەخشتەدەبات، لەکاتێکدا نوێنەرەکانی کە گەندەڵیی لەنێویاندا تەشەنەی سەندوە، میللەتیان ملکەچی پادشایەکی رەها کردوە"﴿ **کانت**: **ناکۆکی نێوان کۆلیژەکانی زانکۆ** ل ١٠٧ . ١٠٨﴾.

**کانت** رەخنەکەی خۆی زیاتر دیاریدەکات‌و دەڵێت: "ئەو کاتە **پادشایەتی ئینگلیزیی** کۆتکراو دەبوو، پادشا مۆڵەتی چوونە ناو شەڕی لەمیللەت وەربگرتایە، بەڵام لەڕاستیدا **پادشاکانی ئینگلیز** بەشداری شەڕگەلێکیان کردوە، بێئەوەی مۆڵەتی رەزامەندی لەمیللەت وەربگرن، کەواتە ئەوە پادشایەتییەکی کۆتکراو نییە" ﴿(**ناکۆکی نێوان کۆلیژەکانی زانکۆ**) ل ١٠٧. ١٠٨، پەراوێز﴾.

هەروەها سەبارەت بەئازادیی تاکەکان، لەسەر رەخنەکردنی **دەستوری ئینگلیزیی** بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت: "سەبارەت بەوەش کە یاساکان هەموو هاوڵاتییەك دەپارێزن‌و تاجی پادشایەتی بەخواست‌و ویستی خۆی ئاسودەیی لەتاکەکان تێکنادات‌و، توندی نێو بەندیخانەکانیان ناکات(**رێو رەسمە یاساییەکانی** *habeas corpus*)(٢)، یاخود بەگوێرەی ئارەزووی خۆی مامەڵەو هەڵسوکەوتیان لەتەکدا ناکات، بەڵکو پابەندی هەواڵەکردنی

ئەم مەسەلەگەلانەیە بەدادگاکان بێئەوەی دەسەڵاتی باڵا دەست لەکاروباریانەوە وەربدات . ئەمەیان مەسەلەیەکە **ئینگلیزەکان** وەك سامانێکی نێو دەستورەکەیان تەماشای دەکەنو ستایشی دەکەن، بەڵام ئەمەش هەر دیسان تەنها بەدەگمەن لەو دەوڵەتانەدا کە پادشایەتی رەها دەستی بەسەرداگرتوە، روودەدات.﴿ وەك لەبەسەرهاتەکەی (**ئارنۆڵدی ئاشەوان**)دا (٣)﴾ میللەتیش بەئاشکرا سەرزەنشتی ئەوە دەکات، ئەوە وەك دەنکە تەرزە، یاخود تنۆکە بارانێك وایە کە کار لەجوانیی کەشو هەوا ناکات"(**هەمان کتێب**، ل ٦٠٦. ٦٠٧).

**کانت** ئەم دەستورە بەناو ئازادیخوازەی **ئینگلیز** بەراورد بەو سیستەمانەی کە هەڵقوڵاوی **شۆڕشی فەرەنسان** دەکات، هەروەها بەراورد بەو سیستەمانەی کە لە**پادشایەتی رۆشنگەر**دا هەن دەکاتو دەگاتە ئاکامی ئەوەی کە لەنێو ئەم دەستورە **ئینگلیزیە**دا، لایەنێك نییە کە بتوانێت بەهۆیەوە بەسەر **دەستوری پادشایەتی رۆشنگەر**دا سەربکەوێت. **کانت** لەمەش دوورتر دەڕواتو بڕوای وایە کە خودی بیرۆکەی **پادشایەتی میانڕۆ** بیرۆکەیەکی خەیاڵییەو دەڵێت: "بەبڕوای من، بیرۆکەی **دەستورێکی میانڕەو یاخود ئاسانکراو**، بیرۆکەیەکە جۆرێك لەلێکدژیی لەخۆگرتوە: چونکە ئەو کاتە، تەنها بەشێك لە**دەسەڵاتی یاسادانان** لۆژیکیی دەبێت"(**هەمان کتێب**، ل ٦٠٩ . ٦١٠).

بەشێوەیەکی گشتی **کانت دەستوری ئینگلیزیی** بەستەمکارو گەندەڵ تاوانباردەکات.

**کانت و شۆڕشی فەرەنسا**

پێشتریش چەند جارێك گوتمان، **کانت** لایەنگرێکی ئێجگار بەپەرۆشی **شۆڕشی فەرەنسا**، بوو چونکە بەرجەستەبوونێکی ئەو بیروباوەڕانەی کە خۆی بانگەشەی بۆ کردنو باوەڕی تەواوی پێیانبوو، تیادا دەبینییەوە کە ئەمانەبوون: **ئازادی، رێزی مرۆڤ، برایەتیو بەرابەریی نێوان خەڵکی، لەناوبردنی جیاکاری نێوان خەڵکی**، جیاکاری بەهۆی میرات، یاخود لەدایکبوونەوە، **لێبوردنو بەخشندەیی لەبیروباوەڕو ئایینەکاندا، ئازادی بیرواو عەقیدەی ئاینییو، ئازادی نوسینو بڵاوکردنەوەو**..هتد .

وەك ئاشکرایە ئەم هەستەی **کانت** هەستی ئەم ناودارانەی **بیرو ئەدەبی ئەڵمانیاش** بووە:

**شیلەر**، **یاکۆبی**، **هێردەر**، **ڤۆس** *Voss*، **فیلند**، **نیکۆلای**، **بیستەر**، **بۆرگەر** *Burger*، **کلۆبستۆك**و..هتد.

هەروەها **رێبەرانی بزاڤی رۆمانتیکیش** زۆر پەرۆشو تامەزرۆی **شۆڕشی فەرەنسا** بوون، لەنموونەی ئەو رێبەرانەیش: **هۆڵدەرلین**، **تیك** *Tieck*و، **فریدریش شلیگڵ**. ئەگەرچی هەندێکیان لەدواییدا، پاش ئەوەی تیرۆر باڵادەست بوو و سەری هەریەکە لە(**لویسی شانزەو شازادە مارییا ئەنتوانێت**) لەلەشیان جوداکرایەوەو قرتێنراو شۆڕش سەری رۆڵەکانی خۆی خوارد، لەو پەرۆشییەیان پاشگەزبوونەوەو لەدژی هەڵگەڕانەوە، بەڵام زۆربەیان هەر بەئەمەکداری پرەنسیپەکانی مانەوە. تەنانەت هەندێکیان تا دوای **کودەتای ترمیدۆر**، کە بووە هۆی جیاکردنەوەی سەری **رۆبسپیر** *Robespierre* و (**سان جۆست**)ی برایو زۆرێك لەئەندامانی **یانەی یەعقوبییەکان**و، دوابەدوای ئەوانیش ٨٢ کەس لەلایەنگرانی **رۆبسپیر** لەلەشیانو میللەتیش **لەگۆڕەپانی جیلۆتین**دا هەر بانگی دەکرد: "بڕوخێ زۆرداری ستەمکار! بژی کۆماریی"هەر بەهەواداری پەرۆشی مانەوە. لەنموونەی ئەو کەسانەی کە هەر بەئەمەکداری **پرەنسیپەکانی شۆڕش** مانەوە، ئەگەرچی شۆڕش بەکوشتارگەگەلێك کۆتاییش هات: **کلۆبستۆك**ی شاعیرو، **ڤیلهلم ڤۆن هامبۆلیت**و..هتد. لەنێو فەیلەسوفەکانیشدا **فیختە** *Fichte* یەکێك بوو لەپەرۆشترین هەوادارەکانی **شۆڕشی فەرەنسا**، تەنانەت دوای ئەوەش کە قۆناغی تیرۆر وێنەی شۆڕشەکەی شێواند، زۆر بوێرانە ئەوەی راگەیاندبوو و گوتبووی: بیروڕای پەرگیری **یەعقوبییەکان** بۆ **رابوونی ئەڵمانیاو رزگاربوونی مرۆڤایەتی** پێویستن، هەروەها **هێردەر** یش لەسەرەتادا پەرۆشی شۆڕشەکە بوو، بەڵام دوابەدوای زەبروزەنگی تیرۆرو **کۆنڤینسیۆن** *Convention* پشتی تێکردو هەستی بەتوڕەبوونکرد.

**بە ئێستاش قۆناغەکانی هەڵوێستی کانت بەرامبەر شۆڕشی فەرەنسا بخەینەڕوو:**

پێشتر گوتمان کاتێك کە **کانت** لەساڵی ١٧٨٩دا دەنگوباسی شۆڕشەکەی بیست، ئێجگار پەرۆشی بوو. ئەم پەرۆشییە، تا دوای نغرۆبوونی شۆڕش لەتیرۆرو، جاڕدانی کۆماریی لەبەرواری ٢١ی سێپتەمبەر/ ئەیلولی ساڵی ١٧٩٢دا، هەر بەردەوام بوو، چونکە کاتێك کە **کانت** هەواڵی **جاڕدانی کۆماریی لەفەرەنسادا** بەرگوێ کەوت، بەدەنگی بەرز

بانگی کردو گوتی: "خوایە! دەبا ئەم بەندەیەی خۆت ماندوی بحەسێتەوەو پشوی **تاهەتایی** خۆی بدات، چونکی رزگاربوونی جیهانم بەچاوی خۆم بینی"!.

**میتزجیر***Metzger*ی نەیاری، لەپاش کۆچی دوایی **کانت**، دانی بەوەدا ناوە، کە **کانت** لەجارِدانی سەراسیمەبوونی بە**شۆڕشی فەرەنسادا**، بۆ ماوەی چەند ساڵێك، کەسێکی ئازاو راشکاو بووە، چونکە ئەو لەرۆژگارێکدا جاری ئەوەیداوە، هەر کەسێك لە**کۆنیگسبێرگ**، تەنانەت بەهێمایش ئەو هەستی هاوسۆزییەی دەربڕیایە، ناوی دەخرایە نێو لیستی رەشەوەو بە**یەعقوبیی** ناونوس دەکرا، ئەمانەش بۆ ئەو رۆژگارو سەردەمە، تۆمەتی گەورەو گران بوون! ،بەڵام **کانت** ترسی لەوە نەبوو کە بەسەرساممییەوەو لەسەر مێزی خەڵکانی بەرزو گەورە باسی **شۆڕشی فەرەنسا** بکات. هەروەها ئەو گوتەیەش کە لەدواییدا **نیکۆلۆڤیۆس** *Nicolovius*ی، لەپێشدا قوتابیو لەپاشدا بڵاوکەرەوەی **کانت**، لەساڵی ١٧٩٤دا کردویەتی، بەڵگەی راستیی ئەم بۆچوونەن، ناوبراو لەو گوتەیەیدا دەڵێت: "هێشتا **کانت** کەسێکی تەواو دیموکراتیخوازە، هەر بەم دواییانەش گوتویەتی، هەرچی ئەو خراپەکارییانەیە کە ئێستاکە لە**فەرەنسادا** روو دەدەن، ئەگەر بەراورد بەخراپەکارییە بەردەوامەکانی ستەمکاریی بکرێن، ئەو ستەمکارییەی کە لە**فەرەنسای** پێش شۆڕشدا باو بوو، هیچ بایەخێکیان نییەو لایەنی زۆر پێدەچێت کە **یەعقوبییەکان** لەهەموو کاروکردارێکیاندا کە ئێستا دەیکەن، لەسەر هەق بن".

هەروەها ساڵی ١٧٩٨ لەهەموو **کۆنیگسبێرگ**دا، ئەوە دەزانراو شاراوە نەبوو کە **کانت**"بە هەموو ئازای گیانییەوە **مەسەلەی فەرەنسییەکان**، **شۆڕشی فەرەنسای** خۆشدەویست"《 **رۆژنامەکانی ئیبج** *Abeggs* *Tagebuch*١ی یۆلیۆ/ تەمموزی ساڵی ١٧٩٨》.

ئەوەی کە خودی **کانت** خۆی لەم کتێبەیدا: **ناکۆکی نێوان کۆلیژەکانی زانکۆ** کە لەساڵی ١٧٩٨دا چاپو بڵاوکراوەتەوە، نووسیویە، سەلمێنەری ئەو راستییەیە، **کانت** لەو کتێبەیدا دەڵێت: "هاوسۆزیی بێلایەنی تەماشاکارانی **شۆڕشی فەرەنسا**، ئەو هاوسۆزییەی کە زۆرێك لەپەرۆشییەوە نزیکەو ئاشکراکردن و دەربڕینیشی مەترسی خۆی هەیە . هیچ هۆیەکی نییە، تەنها ئامادەگییە ئاکارییەکانی مرۆڤایەتی نەبێت".

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، کە هەندێك کەس سەبارەت بەوەی پەیوەندیگەلێك لەنێوان **کانت**و **یەعقوبییەکان**دا هەبووە، بڵاویانکردوەتەوە، دەڵێن ئەو پەیوەندییەش بەدەستپێشخەریی و لەسەر پێشنیاری **سییێس** *Sieyes* بووە، کە لەراستیدا ئەقڵی **شۆڕشی فەرەنسا** بووە و رێزی زۆری لە**کانت** ناوە. نێوانکاری نێوانیشیان **شارل تیرمان** *Charles Theremin*ی سەرۆکی نوسینگەی **کۆمیتەی رزگاربوونی گشتی** *Salut Public* بووە، رۆڵەیەکی ئەو **پرۆتستانتە فەرەنسیانە** بووە، کە لەدوای چەوساندنەوەی **پرۆتستانتەکان** لە**فەرەنسا** بەرەو **ئەڵمانیا** کۆچیانکردووە.


جۆن لۆك

بەڵام **کانت**، بۆ خۆپاراستن و وەك سڵکردنەوەیەك، لەترسی ئەو گێرمەو کێشەو سەرئێشانەی، کە ئەو کارە توشی دەکەن، ئەویش پەرۆشی گیانی خۆی و ئارامیی خۆیەتی، خۆی لێیان لادەدات، نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ **سییێس**دا رەتکردوەوە!

بەڵام بڕیارە **فەرەنسیە** هاوسەردەمەکانی **شۆڕشی فەرەنسا**، ئەوانەی کە لەرۆژانەدا هەوادارو لایەنگری **شۆڕشی فەرەنسا** بوون، لە**فەلسەفە سیاسی و ئاکارییەکەی کانت**دا تەواوکەرێکی **پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسا**یان بینییەوە، هەربۆیە ئەو بیرمەندانە لەبەرواری **هەشتی پریریال**ی ساڵی شەشەم(=٢٧ی مایۆ/ ئایاری ساڵی ١٧٩٨) کۆڕێکی فکرییان رێکخست هەموو(**میتافیزیکانی پاریس**)ی لەخۆگرت کە ئەمانەبوون: **سییێس**و **کابانێس** *Cabanis*و، **جاکمۆن** *Jaquemont*و، **لارۆمجێر** *Laromiguiere* و هتد. **قلهلم**

**ڤۆن هامبۆلیت** . کە ئەو کاتە بەسەردان هاتبوە، **پاریس** . ئامادەبووانی بە **فەلسەفەکەی کانت** ئاشناکرد(٤).

**ناپلیۆنیش** بایەخو گرنگی بە**فەلسەفەکەی کانت** داوە، وەختێکیش کە **باڵوێزی یەکەم** بووە، ویستویەتی، بەخەیاڵی خۆی، **فەلسەفەکەی کانت** بۆ پاساودانی کاروکردەوەکانی خۆی بەکاربهێنێت، کاتێك لەساڵی ١٧٩٩دا بە**لۆزان**دا تێپەڕیوە، بۆچوونی **سویسرییەکان** سەبارەت بە**فەلسەفەکەی کانت**ی وەرگرتووە. لەساڵی ١٨٠١یشدا داوای لە**ڤیللیێ** *Villier* کردوە لەدوتوێی ١٢ لاپەڕەدا، ئەو کتێبەی خۆیی بۆ کورتبکاتەوە، کە پێش ماوەیەکی کەم لەوەوبەر لەژێر ئەم ناونیشانەدا چاپو بڵاوی کردبوەوە: **فەلسەفەکەی کانت، یاخود پرەنسیپە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ترانسێندەنتاڵیزم**.

چ شتێك لە**شۆڕشی فەرەنسا**دا سەرنجی **کانتی** بۆ لای خۆی راکێشابوو؟

سەرەتا خودی **دیاردەی شۆڕش**، ئیدی چ لەبەرجەستەکردنو بەدیهێنانی پرەنسیپەکانیدا سەربکەوێت، یاخود سەرنەکەوێت، سەراسیمەی کردبوو، "چونکە ناکرێتو ناشێت ئەمجۆرە دیاردەیە لەیادبکرێت، چونکە نهێنی ئەم ئامادەگییەی لەسروشتی مرۆڤایەتیدا ئاشکراکرد: ئامادەگیی کارکردن لەپێناو باشترو چاکتردا، لەبەرئەوەی ئەم رووداوە هێندە گەورەیەو بەئەندازەیەك پەیوەندی توندوتۆڵی بەبەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتییەوە هەیەو کاریگەریی لەسەرتاپای جیهاندا هێندە بەرفراوانە، کە پێویستە لەهەلومەرجە لەبارەکانو لەکاتی هەوڵو تەقەللا نوێیەکانی لەم چەشنو جۆرەدا، بیری میللەتان بخرێتەوە" ﴿**ناکۆکی نێوان کۆلیژەکانی زانکۆ**)، ل ١٠٤ . ١٠٥﴾.

جگە لەوە پێویستە پەرۆشیی شۆڕگێڕیی وابەستەی نمونەیەکی بڵندو باڵابێت: "نەیارو دوژمنانی شۆڕشگێڕان . سەرباری پاداشتی پارەوپول . ناتوانن نە بەرەو دۆخی جۆشو خرۆشو نە بەرەو دۆخی جوامێریی کە هەردووکیان بیرۆکەی یاساو هەق لەناخی شۆڕشگێڕاندا دروستی دەکات، بەرزببنەوە، تەنانەت بیرۆکەی رەوشتبەرزیی لای خانەدانی جەنگیی دێرینیش، **کە تەواوکەری پەرۆشییە** لەبەردەم چەکی ئەوانەدا، کە مافی ئەو میللەتەیان کردبوە ئامانج، کە خۆیان بەشێکن لێی، نامێنێتو دەڕەوێتەوە"(**هەمان کتێب**، ل١٠٣).

بەڵام هێندەی نەبرد **کانت** لەپەرۆشیی توندی بۆ بیرۆکەی شۆڕش بەوجۆرەی کە هەیە پەشیمانبووەوە، رەنگە ئەمەش بەهۆی ئەو پایانەوە بووبێت کە **شۆڕشی فەرەنسا** لەدەورانی تیرۆرو **کۆنڤنسیۆن**و کوژرانی **لویسی شانزە**دا پێیڕاگەیشت، کە قۆناغێکی پڕ لەتاوانی گەورەو پێشێلکردنێکی ئەوانەبوو، کە ئەقڵو دادپەروەریی و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی، بەپێداویستیان تەماشادەکات.

بەڵام ئا لێرەدا سەختیو دژوارییەك سەبارەت بە لەتێگەیشتن لەهەڵوێستی راستەقینەی **کانت**، چونکە ئەو بیروڕایانەی کە دواتر دژ بەبیرۆکەی شۆڕش دەیانهێنێتەوە، لەکتێبی: **پرەنسیپە میتافیزیکیە بەراییەکانی تیۆریای هەق**(یاخود **یاسا**)، لەسەرنجگەلێکی رونکەرەوەئامێزی نێو ئەم کتێبە، هەروەها لە**رامانگەلێك**(**لەفەلسەفەی یاسا**)، کە هەموویان دوابەدوای کۆچی دوایی بڵاوکراونەتەوە، هاتوون.

ئەم وتەیە یەکێکە لەو بیروڕایانەی:" گۆڕانکاری لەسیستەمی(گەندەڵ)ی دەوڵەتدا . کە هەندێکجار دەشێت گۆڕانێکی پێداویست بێت . تەنها خودی دەسەڵاتدار خۆی دەتوانێت لەڕێگای ریفۆرمەوە دروستی بکات، نەك میللەت بەهۆی شۆڕشەوە بەرپای بکات، ئەگەر ئەم شۆڕشەش




جێبەجێکردن دەگرێتەوە،نەك

ی یاسا) ل١٨٢، ١٨٣﴾.

وە دەکات، کە بەسەر **لویسی**

ێگای بەداواکەی **ئەنجومەنی**

بڕیاری لابردنی دەدات،

ڵاتەکەی خۆی بوو، لەم

ونکە، "لەبەرئەوەی کە **پادشا**

ربۆیە بەتەنها دەسەڵاتەکەی

کاتێك کە خودی کەسی

پێسپێردەر خۆی ئامادەدەبێت، ئیدی دەسەڵاتی بریکار بەسەردەچێت، دەشێت بەسەربچێت"﴿(**رامانگەلێك لەفەلسەفەی یاسا**)، ژمارە ١٠٤٨، ل٥٩٣﴾. چونکە"لەو کاتەوە کە **سەرۆکی دەوڵەت**، یەکێك بۆ خۆی دەکاتە بریکار، ئەو میللەتەی کە(**لەکەسی نوێنەرەکانیدا**) کۆبووەتەوە، تەنها نوێنەرایەتی دەسەڵاتدار ناکات، چونکە دەسەڵاتی باڵا لەبنەڕەتدا(**لەنێو میللەتدایە**)...، ئەگەر بڕیاری سیستەمی

کۆمارییش بدرێت، ئیدی پێویست بەوە ناکات، کە واز لەجڵەوی حکومەت بهێنرێت و بدرێتە دەست ئەو کەسانەی، کە پێشتر خاوەنی بوون" ﴿(**تیۆریای یاسا**) ل ٢١٤﴾.




بەڵام با ئەم لایەنە تیۆرییە لەهەڵوێستی **کانت** بەرامبەر **بەشۆڕشی فەرەنسا** بۆ کاتێکی تر هەڵبگرین، چونکە ئەوەی کە ئێستاکە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین هەڵوێستی(**دەرەکی**) **کانت**، سەبارەت بەکاروبارەکانی سیاسەت.

بابچینە سەر هەڵوێستێکی تری **کانت**، دەربارەی سیاسەت، کە ئەویش روانگەو بیروڕاو بۆچوونییێتی، سەبارەت **بەئەڵمان و نەتەوەی ئەڵمانی و دەوڵەتی ئەڵمانی**.

**کانت و ئەڵمان و نەتەوەی ئەڵمانی**

هەندێك کەس دەیانگوت: "ئەگەر **کانت** نەبووایە، **جەنگی سەربەخۆیی ئەڵمانیا** نەدەبوو".

چونکە ئەم پرەنسیپانە کە **کانت** لەنێو **میللەتی ئەڵمانیادا** پەخش و بڵاویکردنەوە: کە**پرەنسیپەکانی (ئازادی، بەرابەریی، ئەقڵ)**، توانییان نیازو بڕیارەکانی ئەم میللەتە توندوتۆڵ و هەستکردنی بەئەرکی نەتەوەیی تۆکمە بکەن و، خواستی سیستەم و دلاوەریی ئاکاریی لەناخدا پەخش بکەن.

چەندە ئەو جارانە زۆربوون کە تیایاندا **کانت** دژ بەرەخنەگرەکانی، داکۆکی **لەمیللەتی** **ئەڵمانی** و تەنانەت **جەرمانەکان** و **هۆزە جەرمەنییە تیتۆنییەکان** کرد . ئەو هۆزانەی کە ئەوساو تا ئێستایش کتێبەکانی مێژوو لەدەرەوەی **ئەڵمانیا** . بەهۆزگەلێکی کێوی و دڕندەو بەربەریی *Barbares* ناوی دەبردن! **کانت** دەڵێت: "میللەتە زبرو ناهەموارەکان *Rohen* میللەتگەلێکی کێوی و بەربەریی نەبوون، بەڵکو **لەرۆمانەکان** زۆر زیاتر . بەشارستانییەت قایلبوون و پێڕەوی لەسیستەن دەکرد، خاوەن خەسڵەتێکی نەرمی ئاوێتە بەدەروون و خودێکی ئازادو خاوەنی تواناو ویستی ملدان بۆ یاساکان بوون" (**کۆی بەرهەمەکانی**، **بەرگی** ١٥، ژمارە ١٤٠٦).

**کانت** رێزێکی ئێجگار زۆری **لەزمانی ئەڵمانی** دەنا، لەبارەی ئەو زمانەشەوە گوتویەتی: "لەنێو زمانە زیندوە زانستییەکاندا، **زمانی ئەڵمانی** تاکە زمانە، کە خاوەنی خاوێنیی و پاراویی *Reinigkeit* تایبەت بەخۆیەتی"﴿(**رامان**)، بڕوانە **ئاردمن** بەرگی ٢، ژمارە ٢٥﴾. ڕقیشی لەبەکارهێنانی واژەگەلی بیانی بوو، پێیوابوو ئەو بەکارهێنانە بەڵگەی هەژارییە لەئەقڵدا، یاخود نیشانەی پشتگوێخستن و تەمبەڵییە(**هەمان سەرچاوە**. ژمارە ٢٧). هەروەها دەڵێت: "دەپرسم تۆ بڵێی ئەو وشەگەلانەی لەزمانێکی ترەوە خوازراون، ئەگەر لەگوتارێکی پڕدا

بەکاربهێنرێن، بەوێنەی زرنگانەوەی گەمەکانی وشەو جیرەجیڕ نەزرنگێنەوە! ئەو ناوانەی کە لە**زمانی ئەڵمانی**دا بۆ پۆستو پلەوپایەکانی لەنموونەی ئەمانە داندراون: *Botschafter* (**باڵوێز**)و، *Feldherr* (**لیوا**، **سەرۆکی گشتی**)و..هتد دەنگی زرنگانەوەیان لەگوێدا خۆشترە **زمانی ئەڵمانی** زمانێکی وردترە، زمانێکی تێروتەسەلو دەوڵەمەندتر، لەبارەی وێنا ئەقڵییەکانیشەوە کە بۆ مەسەلە ئەزموونییەکان پێویستن، فرە گوزارشتو دەربڕینە، زمانێکی



سیستماتیکییە"(**سەرچاوەی پێشو**، ژمارە ٢٧).

هەروەها نابێت **ئەڵمانییەکان** شێوە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە لاسایی میللەتانی تر بکەنەوە: "دەکرێت ئێمە **لەفەرەنسییەکانەوە** ڕۆح سوکیو خوێن گەرمیو **لەئینگلیزەکان**یشەوە ناوەڕۆك پری پەسەند بکەین، بەڵام نابێت رەفتار*Manier* یان لێوەربگرین، چونکە ئێمە رەفتاری تایبەت بەخۆمان هەیە، هەروەها پێویستە زمانەکەمان یەکخەینو پەرەی پێبدەینو دیاری بکەین، نەك بیگۆڕین".

ئەگەرچی لە**ئەڵمانیا**ی سەردەمو رۆژگاری **کانت** خۆیدا . بەتایبەتی بەهۆی کاریگەریی **فریدریشی** **گەورە**، کە کەسێکی شەیدای **زمانی فەرەنسی**و **نوسەرە فەرەنسیەکان** بوو، هۆنراوەی بە**زمانی فەرەنسی** دادەناو دەنووسی . **زمانی فەرەنسی** گەشەیەکی زۆری کردبوو، بەجۆرێك لەئالۆیرە دەوڵەتییەکاندا تەشەنەی سەندبوو، کە لەورۆژانەدا وەکو نیمچە زمانێکی جیهانیی لێهاتبوو، بەڵام **کانت** جەختی لەمە دەکرد: "**زمانی ئەڵمانی** زمانی لەیەکترگەیشتنە لە**ئەورووپا**دا. **ئەڵمانیا** دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەورووپاوە".

بڕوایشی وابوو کە **زمانی ئینگلیزیی** لەزارێکی کەمبایەخی **جەرمانیی** بەولاوە، زیاتر نییە. هەر لەم بارەیەشەوە گوتویەتی: "ئەوەی کە بەمەبەستی بەهێزکردنی لایەنی قسەکردنی بە**زمانی ئەڵمانی** سەردانی **ئینگلتەرا** دەکات، وەك ئەو کەسە وایە، کە بەمەبەستی راهێنان کەسێکی **سویسری** رەوانەی **هۆڵندا** دەکات، یاخود کەسێکی خەڵکی **ئیشڤابن**(**لەباشوری ئەڵمانیا**)بەنیازی فێربوونی **زمانی ئەڵمانیی** باڵا، رەوانەی ناوچەی **تیرۆل** دەکات".

بەڵام لەهەمان کاتیشدا داوای ئەوەیکردوە کە **زمانی ئەڵمانی** کەڵكو سود لەزمانە بیانییەکان وەربگرێت.

لەبەکارهێنانی زارە ناوخۆییەکانیشەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ میوانەکانیدا هیچ رووگیر نەدەبوو، بەڵکو برێك دەربڕینو واژەگەلی زمانی جڵفە کە سەر بەزارگەلێکی میللی **ئەڵمانین**، هاتوونەتە ناو هەندێك لەنوسینەکانیەوە.

هەرچی **ئەڵمانەکان**و **تایبەتمەندیی مرۆڤی ئەڵمانیە، کانت** بەمجۆرە دیارییان دەکات:

لەوابەستەبوونیان بەئاکارو ئابڕو، خۆشویستنی ماڵ، کۆششو تەقەللا، خاوێنیی، خاکێتیی، دەستو دڵ فراوانیی، رەوشتبەرزیی بەشێوەیەکی گشتی ستایشی **ئەڵمانەکان** دەکات.

لەزانستیشدا، ستایشی دروستیی لەبڕیاردان، ئامادەباشی، وردییان دەکات، بەڵام ئەو رەخنەیەیان لێدەگرێت کە بەهۆی وابەستەبوونی توندیان بەپرەنسیپو رێساکانەوە لەبلیمەتیدا هەژارن، لەبەرئەوە شتی تازەو نوێ

سەرنجیان راناکێشێت، بەڵام بەهۆی هەوڵو کۆششەوە، کەسانێکی زرنگو بەسەلیقەن.

هەروەها ئەو رەخنەیە لە **ئەڵمانەکان** دەگرێت کە بەئاسانی ملدەدەنو ملکەچ دەکەن، کارێك کە وایان لێدەکات حوکمکردنیان ئاسانبێتو بەئاسانییش مل بۆ دەسەڵاتدار بدەن، سەربازگەلێکی ئێجگار گوێڕایەڵبن، سەرەنجام هیچ دوورنییە کە ئەمە ببێتە هۆی ملکەچبوونو خواستی نازناو و پلەوپایەی بیرۆکراتیان لا دروستبکات.

بەڵام **کانت** ستایشی لایەنێکی چاکەی نێو **ئەڵمانەکان** دەکات کەبریتیەلە: خاوەنی فیزی نەتەوایەتی نین، بەسروشت خاوەنی ئاقارێکی جیهانینو قینیان لەهیچ میللەتو گەلێکی تر نییە، تەنها لەپێناو تۆڵەسەندنەوەدا نەبێت(**کۆی بەرهەمەکانی**، بەرگی ١٥، ژمارە ١٣٥٤)." لەبەرئەوە چاکەو لێهاتویی خەڵکانی تر، زۆر لەچاکەو لێهاتویی خۆیان زیاتر دەنرخێنن"(**هەمان کتێب**، ژمارە ١٣٥١).

## پەراوێز:

## بڕوانە:

(١)

*J. Kant und seine Stellung zur “ : . Schubert Politik” in Raumers Historisches Taschenbuch ١٨٣٨ E, P. ٥٨٢ ff.*

(٢)

ناوی یاسایەکی بەناوبانگە لەئینگلتەرا دەرچووە، بەگوێرەی ئەم یاسایە پێویستە ئەو کەسەی کە لەسەر تاوانێك بەندکراوە بهێنرێتە بەردەم دادگا تا لەڕاستیی دەستگیرکردنەکەی بکۆڵرێتەوە: واتای ئەم دەستەواژە لاتینییەش دەگرێتەوە: "با خاوەنی لەشو لارێك بن"(تاوانبار) بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگادا پێشچاوی بخەن.

(٣)

**ئارنۆڵدی ئاشەوان** خاوەنی ئاشێك بوو لەنزیك کۆشکی **ئیمپراتۆر فریدریشی گەورە**، ئەم ئاشە بەری دیمەنی باخو بێستانی کۆشکەکەی گرتبوو، ئیدی **ئیمپراتۆر** ویستی بەمەبەستی رەهاکردنی دیمەنی باخو بێستانەکە دەست بەسەر ئاشەکەدا بگرێتو تێکی بدات. بەڵام **ئارنۆڵدی ئاشەوان** داوایەکی خستە بەردەم دادگا لە**بەرلین**، ئەوەبوو دادگا پشتی ئەویان گرتو لەدژی **ئیمپراتۆر** راوەستان، ئیدی ئەم گوتە بەناوبانگە کە دەڵێت: "**لەبەرلین دادوەر هەیە**!" لێرەوە هاتووە.

(٤)

تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە: *” : Paul Schrecker in : La , ” Kant et la Revolution francaise Revolution de ١٧٨٩ et la pensee moderne, recueil publie par la Revue philosophique, a l,occasion du Cent Cinquantenaire de la Revolution francaise, paris, P.U.F, ١٩٤٠, pp. ٢٦٦ sqq.*

سەرچاوە: *W*

**امانویل کانت**

**تالیف: الدکتور عبدالرحمن بدوی**

**الناشر وکالة المطبوعات الکویت**

**الطبعة الاولی ١٩٧٧**